ئایا "کوێر ئۆغڵی" کورد بووە؟

ئەنوەر سوڵتانی

2015 /02/10

ئامانج لە نووسینی ئەم وتارە، نە دابەشکردنی بەشەماڵی کورد و غەیرە کوردە، نە سەندنەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی لە کەسایەتییەکی مێژوویی وەک کوێرئۆغڵی. من بە باشی شارەزای جێگە و پێگەی کوێرئۆغڵی لە لای گەلی برای ئازەربایجانی هەم و دەزانم چەندەیان خۆش دەوێت و چۆنی ڕێز لێدەگرن. ئەوەی من دەیکەم، پشکنینی وردی مێژووی کەسایەتییەکە، کە بوون و نەبوونی وەک کاوە و ڕۆستەم و گەلێک قارەمانی دیکەی ئوستوورەیی گەلانیتر لە تەمتوومانی ئەفسانە و مێژوودا وونە و تەنانەت ئەگەر ئیجماعێک لە سەر بوونی هەبێت، دیسان ناتوانرێت شوێن و کاتی ژیانی بە ڕوونی دیاری بکرێت. کوێرئۆغلی وەک قارەمانی گەلی ئازەربایجانە، قارەمانی گەلانی دیکەی ناوچەکەش هەیە هەر لە تورکی تورکیاوە تا کورد و تورکمان و ئۆزبەک و تاجیک و هتد. مێژووی گەلانی ناوچە، بە پێچەوانەی ئەو کێشە و هەرا شۆڤینیستییانەی کە ئێستا لە ئارادان، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ یەکتر هەیە و بنەمای هاوبەش لەو مێژووە هاوبەشە گرشەدارەدا گەلێک زیاتر لە جیاوازی و دژایەتییەکانیەتی.

لەم ڕۆژانەدا کتێبێکم سەبارەت بە*'کوێرئۆغڵو'* – قارەمانی مێژوویی/ ئەفسانەیی گەلی ئازەربایجان خوێندەوە: *"کوراوغلو در افسانە و تاریخ"*[1].

کتێبەکە، نووسەری ناوداری ئازەربایجانی - 'ڕەحیم ڕەئیس نیا' بە فارسی نووسیوە و دەیان سەرچاوەی ئازەری و تورکی و تورکمەنی و ئۆزبەکی و ئەرمەنی و تەنانەت کوردی[2] و زمانە ئوروپاییەکانی پشکنیوە و خۆی گوتەنی، ویستوویەتی ئەو قارەمانە مەزنەی ئازەربایجان و گەلانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست "لە بەر ئاوێنەی مێژوو و ئەفسانە دا" سەیر بکات. ناوی کتێبەکەش هەر ئەو ڕاستییە دەگەیێنێت، واتە گەڕان بە دوای حەقیقەتێکی مێژووییدا کە تێکەڵاوی ئەفسانە بووە، یا ئەفسانەیەکی شیرین کە بەهۆی خۆشەویستیی خەڵکەوە شێوازی مێژووی بەخۆیەوە گرتووە.[3] پابەندبوونی نووسەر بە ئەسڵی بێ لایەنیی لە لێکۆڵینەوەکەیدا، کارێکی وای کردووە واقیع و ناواقیع یاخود ئەفسانەیی یان مێژوویی بوونی کوێرئۆغڵی لە پرۆپێستدا بمێنێتەوە و دوایین بڕیار لەم بارەیەوە بۆ خوێنەر و بۆ دەسکەوتەکانی دواڕۆژ بەجێ بهێڵرێت.

ئەوە خۆی ڕادەی زۆری پابەند بوونی نووسەر بە ئەمانەتداریی زانستی دەگەیێنێت؛ دەنا خوێنەر دەتوانێت هەست بکات کە نووسەر ئازەربایجانییە و لەگەڵ ئەوەشدایە کە "چەنلی بێل" وەک شوێنی

---

[1] . رئیس نیا، رحیم؛ "کوراوغلو در افسانە و تاریخ"؛ چاپ سوم؛ انتشارات دنیا؛ تهران' زمستان ١٣٧٧[١٩٩٩]، ISBN 964-464-007-1

[2] . نووسەر، کتێبێک بەناوی "دەقی کوردی وئەرمەنی 'حماسە کویراوغلی'" دەناسێنێت کە ساڵی ١٩٥٣ بە سەرەتای ڕووسییەوە لە ئێرەڤانی ئەرمەنستان چاپ کراوە (ل. ٣١٢)، بەڵام دەقە کوردییەکە ڕاناگوێزێت لە کاتێکدا بەشی هەڵبژاردەی دەقی ئەرمەنی و گورجی و ئۆزبەکی و تورکمەنی و تاجیکی لە هەمان ئەو لاپەڕانەدا دەهێنێتەوە یاخود باسی ناوەرۆکیان دەکات. من سەبارەت بە کتێبە کوردییەکە لە ڕێزدار د. جەلیلی جەلیلم پرسیار کرد، بەداخەوە نوسخەی کتێبەکەی بەدەستەوە نەبوو و وەک باسی دەکرد، دەبێ نەمر ئۆردوخانی جەلیل - براگەورەی خۆی، لەو بوارەدا هەندێک بابەتی نووسیبێت.

[3] . ئەم دیاردەیە لەناو گەلانی دیکەی جیهانیشدا بێ وێنە نییە و بۆ نموونە، 'کاوە' و هەروەها 'ڕۆستەم' ێ ئەفسانەیی شانامەی فیردەوسی، بۆ کوردیش وەک ئێرانییەکان قارەمانی مێژوویین و شانازییان پێوەدەکرێت یا نەقڵێکی بێ بنەمای وەک زوحاک وماری سەرشان ولاوانی ڕزگاربووی ناو چێشتخانەکەی، تەنانەت ئەمڕۆ لە سەدەی بیست ویەکەمیشدا لە ناو هەندێک کورد و غەیرەکوردەوە بە ڕاستەقینەی مێژوویی وەردەگیرێت و بەداخەوە کەم نین ئەو خەڵکە ناشارەزایانەی کە ئەو درۆ و هەڵبەستراوە بێ تامە وەک سەرەتای مێژووی گەلی کورد سەیر دەکەن!

ڕاپەڕینی کوێرئۆغڵو و 'قاچاغ' ەکانی تر، لە ناوچەی 'قوتوور' ی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران بووبێت و بەم پێیە، کوێرئۆغڵوش بە خەڵکی هەمان ناوچە لە قەڵەم بدات.[4] بەڵام ئەمانەتداریی زانستیی نووسەر بە شێوەیەکە، کە خۆ لەو بۆچوونە یەک لایەنانە دەگرێت و وەک مرۆڤێکی بەرپرس، تەنیا بە ڕوون کردنەوەی ڕێگاوە خەریک دەبێت و گەیشتن بە ئاکام بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت. ئەو دیاردەیە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە هەستی نەتەوایەتی لە ناو گەلی ئازەربایجاندا گەیشتوتە ڕادەیەکی بەرز و کەم نین ئەوانەی وا کەوتوونەتە شوێن دروشمی کەمالیستەکانی تورکیا و دەستیان بە نیشانەی گورگی بۆر بەرز دەکەنەوە، غەنیمەتێکی گەورەی عیلمی و لە عەینی کاتدا سیاسیشە.

خوێنەر هاوڕێ لەگەڵ نووسەری کتێبەکە، سەر بە دەیان کون و کاژێری نادیاری مێژوو و ئەفسانەدا دەکات و لە دەیان سەرچاوە دەکۆڵێتەوە بۆئەوەی بزانێت ئایا کوێرئۆغڵی کەسایەتییەکی ڕاستەقینە بووە یان نا و ئەگەر بووە، کەی و لە کوێ ژیاوە، واتە ئەو 'چەنلی بێل' ەی وا لە داستانەکەدا وەک شوێنی ژیانی ئەو و هاوڕێکانی ناو براوە، لە کوێ هەڵکەوتووە و ئایا هەر بە ڕاستی ملە و چیایەک بەو ناوە هەبووە و هەیە یان نا؟ نووسەر سەبارەت بە بوونی کوێرئۆغڵی و هەڵکەوتنی شوێنی ژیانی لە ئازەربایجان هەڵوێستی نەرێ یی یا ئینکار و ڕەدکردنەوەی نەگرتووە و ئامانجی لە نووسینی کتێبەکەش بەرپەرچ دانەوەی ئەو بۆچوونانە نەبووە کە کوێرئۆغلی بە ئازەربایجانی دەزانن. بەپێچەوانە، لە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆوە دەیەوێت هەمان ئەو هەواڵانە بە ڕاست بقەبڵێنێت و بیانگەیێنێتە گوێی خوێنەر کە کوێرئۆغڵی ئازەربایجانییە نەک تورکی تورکیا، هەر ئەو شێوازە ناڕاستەوخۆیەش بایەخێکی زیاتر بە کارەکەی دەبەخشێت و بۆ نموونە، دووری دەخاتەوە لە هەڵوێست گرتنی ئەوانەی وا بە زۆرەملێ دەیانەوێت کوێرئۆغڵی بکەنە ماڵی لایەنێک و لە لایەنەکانی دیکەی دابڕن یا وەک سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بەڵگە و سەنەد دروست بکەن کە کەسێک بە ناوی کوێرئۆغڵی فلانە ساڵ لە فلانە گوندی شاری 'بولو'[5] ی تورکیا ژیاوە و تۆمارە فەرمییەکانی ژیانی لە ناوچەکە پارێزراون و گەیشتوونەتە سەردەمی ئێمەش.

بەڵام ئامانجی من لە نووسینی ئام بابەتە؟

ڕەئیس نیا، دوای هەموو وردەکاری و پشکنینێک کە کردوویەتی، ئەوەی بەڕوونی دەربڕیوە کە کوێرئۆغڵی لە هۆزی "جەلالی" یە. ئەو هۆزە باوەکوو ئێستا بەشێک و لقێکی بە تورکیش قسەدەکەن، بەڵام ئەگەر مەزندەی ٤٠٠ ساڵێک پێش ئێستا بۆ سەردەمی ژیانی کوێرئۆغڵی بە ڕاست وەربگرین (بڕوانە دواتر)، ئەوانیش وەک دونبولییەکانی شار وناوچەی 'خۆی'، بە تەواوەتی کورد بوون و بە کوردی دواون و فڕیان بەسەر تورک و تورک زمانەوە نەبووە.

لە لایەکی دیکەوە، کوێرئۆغڵی بە شایەدیی چیرۆکی "عاشق" ەکانی ئازەربایجان، "قاچاغ" بووە واتە لەدەست زوڵم وزۆر داویەتە چیا. قاچاغ بوون و چوونە چیاش بۆکورد دیاردەیەکی نامۆ نییە ونەک هەر لە کۆندا بەڵکوو تا ئەم سەردەمەی ئێستاش کوردی ئاوارەی دەستی بێدادی دەرەبەگ و خان و شا

---

4 . بۆ نموونە، بڕوانە لاپەڕە 106 و 193 و گەلێک شوێنی دیکەی کتێبەکە.

5 . نەمتوانی بزانم ئایا ئەوەی لێرەدا بە 'بولو' نووسراوە هەمان 'پالوو' ە یان نا. ئەگەر ئەو دوانە یەک بن، لە ڕاستیدا پالوو ئەمیرنشینێکی کورد بووە کە لە شەرەفنامەدا ناوی هاتووە و پاشکۆ [ذیل] ێکی نووسراوی شەرەفنامەش باس لە حاکمانی ئەگیل و ۆپالوو دەکات. پالوو ٩٥ کیلۆمەتر لە ئامێد (دیاربەکر) ەوە دوورە. بڕوانە: "دوو ذەیلی شەرەفنامەی بتلیسی"، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥

و سوڵتان پشتیان بە چیا بەستووە و بە تاکەکەسی وەک حەمەتاڵ و خولەپیزە، لە شێوازی سیاسی و حیزبیشدا وەک پێشمەرگە و خەباتگێڕ بۆ درێژەی خەبات داویانەتە چیا و لە حکوومەت قاچاغ بوون.

کوێرئۆغڵی و هاوڕێکانی جگە لە چیا، دۆستێکیان نەبووە، ئەوەش دیاردەیەکی ناسیاوی مێژووی کوردە و بۆ نموونە، لە قەڵای دمدمی سەردەمی سەفەوییەکان خەڵکانی گەمارۆدراوی سوپای شاعەبباس تا دواکەس و دوا چەک، بەرگری لە زێدەکەیان دەکەن. یان لە چیای قەندیلی ئەمڕۆدا هێزی باوەڕ بەسەر تانگ و تۆپ و تەیارەی تورکیا و سەتەلایتی ئەمریکییەکاندا سەرکەوتووە. بەسەرهاتی کوێرئۆغڵی چ لە زمان عاشقەکانەوە و چ لە چیرۆکی "ئەفسانەی کوێرئۆغڵی" نووسینی یاشار کەماڵ دا،[6] کاتێ بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو گریلایانەی وا هەرئێستا لە قەندیل و شنگاڵ بەرانبەر هێزی دوژمن داکۆکی لە نەتەوەی خۆیان دەکەن، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەبێ درێژەدەری نەریتێکی کۆن بن – هەر ئەو نەریتە لەم ساڵانەی دواییشدا جارێکی تر لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی ساڵی ٧٥ ی باشووری وڵاتەکەمان و خەباتی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆ نموونە، لە کۆبانێی قارەمان سەری هەڵداوەتەوە.

هەروەها کوێرئۆغڵی لە ئەدەبی کوردیدا شوێنێکی تایبەتی هەیە و کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و کوردی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت هۆگری کوێرئۆغڵین و ئەو قارەمانە مەزنە لە شێعر و ڕۆمان و گۆرانی کوردیی کرمانجی ژووروودا شوێنێکی بەرچاوی هەیە[7]. ئەوانە بە سەریەکەوە، گەرای بیرێک دەخەنە مێشکی خوێنەر و بیسەرەوە و 'ئەگەر' ی کورد بوون یا لای کەم، پەیوەندی ئەو قارەمانەر مەزنە لەگەڵ کورد، وەک دیاردەیەکی جیددی دەخاتە بەرچاو – دیاردەیەک کە خوازیاری لێکۆڵینەوەی بێ لایەنانەیە.

من نامەوێت بێ مەنتیق و دەمارگیر بم، هیچیش نامەوێت مافێک لە گەلی برای ئازەربایجانی بفەوتێنم، هیچ بەڵگەیەکی سەلماویشم بۆ بۆچوونەکەم نییە، تەنیا چەکێکی بەدەستمەوە بێت ئەو ئیستیدلالەیە کە: کاتێ سەروبەری بابەتەکە وێک دەهێنرێتەوە و سەرەتاکان لای یەک دادەنرێن، بە ناچاری ئاکامی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە لە نێو تەمتوومانی مێژوو و ئەفسانەدا و لە ئەگەری حەقیقی بوون و نەبوونی کەسایەتییەک بەناوی کوێرئۆغڵی و ئەگەری ئێرەیی و ئەوێ یی بوون و ئەم سەدە و ئەو سەدەیی بوونیدا، ئەگەرێکی دیکەش هەیە کە ئەگەری کوردبوونی ئەو جەلالییە قاچاغەیە.

جەلالی بوون لە لایەک، ژیان لە ناوچەی "قوتوور" ی ناوجەرگەی هۆزی جەلالی لە لایەکی تر و ئازایی و قاچاغ بوون و ڕێگری و جوانمێرییەکەشی لەولاتر- هیچکام لەو تایبەتمەندییانە لە کورد دوور نین، هەر بۆیەش هیچکەس بە تێگەیشتنێکی بێ لایەنەوە، ناتوانێت خۆ لەوە بدزێتەوە کە بۆی هەیە کوێرئۆغلی کورد بووبێت یان خۆی و پاڵەوانە قاچاغەکانی دەوروبەری کورد بووبێتن.

سەرەتا هەڵبژاردەیەک لە کتێبی ڕێزدار ڕەحیم ڕەئیس نیا دەهێنمەوە کە لە سەرچاوەی جیاوازی وەرگرتوون و ئاماژەی بە ناوی نووسەرەکانیشی کردوون، ئینجا دەگەڕێمەوە سەر باسەکە:

---

[6]. یەشار کەمال، "ئەفسانەی کوێرئۆغڵی"، شوکور مستەفا لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٠ ئەم کتێبەی یەشار کەماڵ لە لایەن کاک ڕەحیم ڕەئیس نیاوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی فارسی و بە ناوی "ظهور کوراوغلو" لە لاپەڕە ٣٣٥ تا ٤٤٠ ی هەر ئەم کتێبەی جێگەی باسی مندا بڵاو کراوەتەوە. بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١

[7]. گوێ بگرە لە گۆرانی هونەرمەندانی لەدەستچووی کورد 'مریەم خان' و 'ئایشێ شان' بەناوی "بابۆ کوێرئۆغڵی" لە سەر ماڵپەڕی یوتیووب و ساوند کڵاود. بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعرەکانی گۆرانی 'بابۆ کوێر ئۆغڵی' بە دەنگی ئایشێ شان، بڕوانە پاشکۆی ئەم وتارە.

"...کوێرئۆغڵو قارەمانێکە لە نێو خەڵک هەستاوە و پاسەوانی بەرژەوەندیی خەڵکە؛ عاشقێکە ئازایەتی و جوامێری بە گۆرانی دەڵێت، خاوەن زێڕ و زۆران بە چەتەی دادەنێن بەڵام خەڵک بە ڕزگارکەری خۆیانی دەزانن (ل.١٠٢)... بەربڵاویی ناوچەی بڵاوبوونەوەی ڕازەکە [واتە داستانی کوێرئۆغڵی] و هەندێک بابەتی تر، بوونەتە هۆی ئەوەی لێکۆلەری جیاجیا، پێشینەی مێژوویی ئەو و سازدانی چیرۆکەکەی بگەیێننەوە سەردەمی پێش ئیسلام ... بۆ نموونە وەک بیرەوەریی شەڕی "گوک تورک" ەکان لەگەڵ ساسانیان .... یا شەڕی نێوان تورکانی ئۆغوز لەگەڵ سنوورەوانەکانی ئێران ... (١٠٣) 'ئاغایان' ی ئەرمەنی ڕەگەزی کوێرئۆغڵو دەگەیێنێتەوە سەر ئەرمەنییەکان و 'بەڕبەڕیان' لە پەیوەندی شەڕی ئەرمەنی و ساسانی و سەردەمی ئارشاکی دووهەمیدا دەیبینێت... 'دومزیلی' فەڕەنسی پێشینەی ئەو ڕازەی کە زاڵمێک چاوی باوکی قارەمانێکی دەرهێنابێت دەگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پێش زایین." (١٠٤) ....'خودزکۆ'، کوێرئۆغڵو بە تورکمەنێکی تایفەی تەکە دادەنێت کە لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەوی (١٦٦٦-١٦٤٢ز) دا ژیاوە وچۆتە قەڵایەکەوە بە ناوی "چەملی بێل" لە دۆڵی سەڵماس، و لەسەر ڕێگای [شاری] خۆی بۆ ئەرزڕۆم چەتەیی کردوە.... هەموو ئەو بابەتانە سەبارەت بە کوێرئۆغڵوویەکن، کە بۆی هەیە وەک کەسایەتییەکی مێژوویی، بوونی بووبێت... ئەگەر مەسەلەی کۆچ کردنی کوێرئۆغڵوی مێژوویی لە خۆراسانەوە بۆ ئازەربایجان ڕاست بێت، ئەوا دوور نییە یەک لەو 'تەکەلوو' انە بووبێت کە پێشتر لە ڕۆژئاوا و بەتایبەت لە ئازەربایجانەوە کۆچیان کردبێت بۆ خۆراسان... لە ئەنسیکلۆپێدیای ئازەربایجاندا نووسراوە: *"تاقمێک لە جەلالییەکان وا لە ئازەربایجاندا سەرەتا دژ بە داگیرکەرانی عوسمانی و پاشانیش دژ بە سەفەوییەکان و فیئۆداڵە خۆجێ ییەکان دەجەنگین، کوێرئۆغڵو ڕێبەرایەتی دەکردن..."* (١٠٦ تا ١٠٩)

ڕەئیس نیا لە درێژەی باسەکەدا دەنووسێت:

"... 'عەلی ئەوسەت قولییێف' دوای هێنانە گۆڕێ مەسەلەی شەڕی ئێران و عوسمانی و داگیرکاریی خاکی ئازەربایجان لەلایەن عوسمانییەکانەوە و ڕاپەڕینە وەرزێرییەکانی جەلالی لە تورکیا و پەرەسەندنی بۆ نەخجەوان، دەڵێ: *"یەک لەو تاقمانەی وا دژ بە داگیرکەرانی تورک دەجەنگین، کوێرئۆغڵو قارەمانی گەل ڕێبەرایەتی دەکرد."* ... زوربەی نووسەرانی تورک بە خەڵکی ئەناتۆلییان زانیوە، بۆنموونە 'کیرزی ئۆغلو' بە قەرەقۆیونلووی پەروەدەکراوی لای ژووری ڕووباری ئاراس و ویلایەتی قارس لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیای زانیوە... 'ئومید کافتانجی ئۆغڵو' دەڵێ: *"لە ئاقچاکوێی، بەشی ڕیفاهیە ی ئەرزەنجان لەدایک بووە و دواتر چۆتە شوێنێک بەناوی چاملی بێل لە ڕۆژئاوای سیواس."* 'فاروق سومەر' پشتی بە دەفتەری گرنگی ئارشیوی سەرەک وەزیرایەتی ئەستەموول بەستووە و دەڵێ: *"کوێرئۆغڵو لە گوندی سابیق لە ئەیالەتی بولو[8] لەدایک بووە؛ لەوێدا گوتراوە کەسێک بەناوی کوێرئۆغڵو لەو گوندەدا ماڵی خەڵکی تالان کردووە و دووکەسی بریندار کردووە... وخەڵک لەدەستی هاتوونەتە ئامان، ئیتر گرتوویانە."* ... کوێرئۆغڵوو درەنگتر چۆتە چیاکانی چەملی بێل کە کەوتوونەتە نێوان سیواس و توقات... لە ئەنسیکلۆپێدیای ئازەربایجاندا هاتووە: *"عەبباسقوڵی ئاغا باکیخانۆف دەری خستووە کە جەعفەرقوڵی خانی دونبەڵی، حاکمی خۆی، [دوای ئەوەی لە سوپای عەبباس میرزای کوڕی فەتحعەلی شا تێک شکا]، ماوەیەک لە چەنلی بێلی کوێرئۆغڵوو لە نزیک نەخجەوان ژیاوە"* ... هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕینی هۆزەکانی کوردی دونبەڵی لە خۆی و سەڵماس، زیادبوونی گوشاریماڵیات بوو... ئەوەی کە زوربەی لێکۆڵەران دژایەتییان لەگەڵیدا نییە، بەشداری کردنی کوێرئۆغڵییە لە ڕاپەڕینەکانی جەلالیدا. ئەو ڕاپەڕینە وەرزێرییانەی وا بە درێژایی سەدەی شازدە و حەڤدە، بەپچڕان و خواروژوور کردنەوە درێژەیان بوە....کورد حەیدەر و جان فولاد لە سەردەستەکانی جەلالی بوون... شاعەبباس لە سەر ڕێگای چوون بۆ تەورێز چاوی بە هەندێک لە سەرانی جەلالی وەک ...قولی بەگی کورد و کوردعەلی کەوت...شاعەبباس هەموو جەلالیانی کۆچ دا بۆ کوردستان ... دوای هەڵاتن و پەنابەریەتی

---

[8] نەمتوانی بزانم ئایا ئەوەی لێرەدا بە 'بولو' نووسراوە هەمان 'پالو' ە یان نا. ئەگەر ئەودوانە یەک بن، لە ڕاستیدا پالو ئەمیرنشینێکی کورد بووە کە لە شەڕەفنامەدا ناوی هاتووە و پاشکۆ [ذیل] ێکی نووسراوی شەڕەفنامەش باس لە حاکمانی ئەگیل و ۆپالو دەکات. پالو ٩٥ کیلۆمەتر لە ئامێد (دیاربەکر) ەوە دوورە. بڕوانە: "دوو ذەیلی شەڕەفنامەی بتلیسی"، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، بنکەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٥

جەلالیان لە ئێران، مراد پاشا هەموو ئەوکەسانەی وا لە وڵاتی ڕۆم دا ڕۆژێک لە ڕۆژان ناسیاوییەکیان لەگەڵ ئەو تایفەیە پەیداکردبوو، ناردە دیاری نەبوون و ناوی جەلالی لە سەر ئەو وڵاتە پاک کردەوە... دەوروبەری ٦٥ هەزار کەسی لێ کوشتن... (١٠٩ تا ١٢٩)

بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەو بژارەی سەرەوەی کتێبەکە،

١. ئەگەری ئەوە هەیە کە قارەمانێکی خەباتکاری لایەنگری خەڵک و دژبەری زۆرداران بە ناوی کوێرئۆغڵی کەسایەتییەکی حەقیقی بووبێت و لە دەوروبەری سەدەی ١٥ و ١٦ ی زایینیدا ژیابێت، گەرچی بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەمڕۆی ئێمە، مەسەلەکە لە بوومەلێڵی مێژوو و ئەفسانەدایە؛

٢. هۆزی جەلالی هۆزێکی چەوساوەی دەستی عوسمانی و ئێرانی سەفەوی و حکوومەتەکانی دوای ئەوان بوون و بەهۆی پێشینەی شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕینەکانی هۆزەکەوە بە تایبەت دژ بە عوسمانییەکان، زاراوەی 'جەلالی بوون' لە خاکی عوسمانی و ناو کۆمەڵانی خەڵکدا واتای ڕاپەڕیو و سەربزێوی بووە؛

٣. ئەندامانێکی زۆری هۆزی جەلالی داویانەتە چیا و لەوێوە لەگەڵ حاکمانی خۆجێ یی و بەگشتی لەگەڵ حکوومەتی عوسمانی جەنگیون، لەوانە، کوردعەلی، کوردحەیدەر، جان فولاد و قوڵی بەگی کوردن (بڕوانە سەرەوەتر)؛

٤. جەعفەرقوڵی خانی [کوردی] دونبەڵی- حاکمی خۆی، دوای تێک شکانی سوپاکەی لە شاعەبباسی سەفەوی، ماوەیەک لە چەنلی بێلی کوێرئۆغڵی لە نزیک نەخجەوان ژیاوە (سەرەوەتر)؛

٥. ئەگەر ئێمە، بوونی کەسایەتییەک بە ناوی کوێرئۆغڵی بەڕاست بزانین، دەبێ یەک لە ئەندامانی هۆزی جەلالی بووبێت یا خود 'بووبێتە جەلالی' لەبەر ئەوەی ناوی کوێرئۆغڵی و جەلالی لە سەرچاوەی زۆردا، ئاوێتەی یەکترن؛

٦. گەرچی شوێنی لەدایکبوونی کوێرئۆغڵی و ئەو چیایەی و لەوێوە ڕێبەرایەتی خەباتی کردووە واتە "چەنلی بێل" یا "چەملی بێل" (بە واتای ملەی تەماویی[9])، بەڕوونی دیار نییە، بەڵام زوربەی لێکۆڵەران ناوی ئەم ناوچانە وەک شوێنی ژیان و خەباتی کوێرئۆغڵی دەبەن: " نزیک سیواس، ویلایەتی قارس لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، ئەناتولی ڕۆژهەڵات، 'نزیک نەخجەوان' و دۆڵی سەڵماس لە سەر ڕێگای شاری خۆی بۆ ئەرزڕووم؛ <u>هەموو ئەوشوێنانە، ئەودەمیش و ئێستاش شوێنی ژیانی کوردبوون و هەن</u>؛

7. هۆزی جەلالی لە دەیان سەرچاوە و کتێبی مێژووییدا وەک <u>"هۆزی کوردی جەلالی"</u> ناسراون.[10]

***

نووسەر لە درێژەی باسەکە و لەژێر سەردێری "بزووتنەوە وەرزێرییە شێوە جەلالییەکان لە ئازەربایجان" دا لە هەندێک ڕاپەڕینی وەرزێریی ناوچەکە دەدوێت ولەگەڵ ئەوەدا کە ناوی گەلانی

---

9 . هەر ئەو تەماویی بوونی ملەی کوێستانەش خۆی جێگەی وردبوونەوەیە و تەماویی بوونی ڕووداوەکان زیاتر دەکات!

10 . بۆ نموونە، بڕوانە: آ حسرتیان، "وضعیت کردهای ایران در سالهای دهه ١٩٣٠ میلادی"، تاریخ کردستان، ڕداکتۆرها: م. س. لازاریف و ش. م. محۆی؛ نووسینی م. س. لازاریف و ... وەگێڕانی کامران ئەمین ئاوە و مەنسوور صدقی، انتشارات فروغ، ئاڵمانیا ١٩٩٩، فەسڵی پێنجەم.

ئازەربایجانی و ئەرمەنی دەهێنێت، ئاماژەیەک بە کورد ناکات، بە بۆچوونی من، ئەوە سەرچاوەکانی بەردەستی ئەون ئەو خەتایە دەکەن نەک خۆی:

"بە گوێرەی کتێبی مێژووی ئازەربایجان نووسینی حوسەینۆف و ..."لە ناو دەستە جەلالییەکاندا وەرزێرانی ئەرمەنی وئازەربایجانی شان بە شانی ئەو راپەریوانەی وا لە تورکیاوە هاتبوون، بەشدارییان دەکرد.... سەرکەوتنی شاعەبباس لەسەر بنەمای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی دژی عوسمانیی خەڵک ...بوو. راپەرینی دژی عوسمانی ناوێکی ئەوتۆی دەرکرد کە داستانی حیماسی وقارەمانانەی شێوە ئەفسانە لە لایەن خەڵکەوە کەوتە سەر زمان، یەک لەوانە، داستانی ئازەریی کوێرئۆغڵییە.' (۱۳۷تا ۱۳۹)

ئایا *'ئەو راپەریوانەی وا لە تورکیاوە هاتبوون'*، لەو ناوچە تایبەتەدا دەژیان، لەژێر گوشار و کوشت وبڕی مرادپاشادا بوون و هاوخەباتی ئەرمەنی و ئازەربایجانی بوون، جگە لە کورد کێی دیکەن؟ ئایا هەر ئەو مرادپاشایە نەبوو ئێزەدییە کوردەکانی قەتڵی عام کرد؟ ئایا حەماسەی 'قەڵای دمدم' ی کوردان هەر لەو سەردەمە و لە ماوەی شەڕی نێوان عوسمانی و ئێراندا نەخوڵقاوە؟ بە دڵنیایی، با! تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەوی دواییان ڕووی لە شاعەبباسە، کە دەچووە شەڕی عوسمانییەکان. ئایا نووسەرانی مێژووی ئازەربایجان ئەو ڕاستییانە نازانن یان بە دەستەقەسد دەیانخەنە پشت گوێ؟

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ لە بۆچوونەکانی ڕەئیس نیا بکەم کە دەڵێت:

"ئەو کوێرئۆغڵییەی وا لە چوکوراوا باسی لێ دەکرێت، لەباری زمان، پێکهاتە [ی لۆغەوی]، بینا [ی ڕیزمانەوانی] و جیهان بینییەوە، لەگەڵ کوێرئۆغڵییەک کە لە قارس لە سەر زمانی خەڵکە، جیاوازی هەیە؛ کوێرئۆغڵوی ئازەربایجانیش کوێرئۆغلویەکی دیکەیە..." (ل. 49)

ئەو بۆچوونە دەکرێ بمانگەیێنێتە ئەنجامی ئەوەی کە دوور نییە لە بیر وباوەڕی خەڵکی گوند و شارە کوردنشینەکانی هەمان ناوچەی قارسیشدا کوێرئۆغڵییەک بووبێت و هۆگریی کورد بەو کار وکردەوەی عەدالەتخوازانەی، لەو سەرچاوەیەوە سەری هەڵدابێت. هەر بەگشتی، گەلانی جیهان هەموویان بۆ مسۆگەربوون و جێگر کردنی بەرانبەریی و دادپەروەریی کۆمەلایەتی، کەوتوونە شوێن قارەمانێک یان تەنانەت لە زیهنیاندا خوڵقاندوویانە. هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە قارەمانێک بەناوی ڕۆبین هوود لە ناوچەی نۆتینگهام و مانسفیڵدی بریتانیا ژیابێت و تەنانەت بوونی بووبێت، بەڵام خەڵکەکە ئەمڕۆش لایان وایە بووە و سەدان کتێبیان لەسەر نووسیوە و دەیان فیلم و شانۆیان لەسەر چێ کردووە. بە هەمان شێوە، دەکرێ کوردی ناوچەی قارسیش لە زیهنی خۆیاندا کوێرئۆغڵوویەکیان لە پەیوەندی کورددا ئەفراندبێت.

***

گەرچی کوردبوونی هۆزی جەلالی جێگەی گومان نییە، بەڵام من بۆ دۆزینەوەی سەرچاوە سەبارەت بەوان، سەیری ئینترنێتم کرد و لەوێدا تووشی وتارێک هاتم کە کەسێک بەناوی هاشم فەرهادی نووسیویە، کە وێدەچێت خۆی لە کوردانی خۆراسان بێت. لە وتارەکەدا کوێرئۆغڵیی بە "کوردی جەلالی فیروزە" ناودێر کراوە.[11]

[11] . بڕوانە بەشی سەرچاوەکان لە کۆتایی وتارەکە.

هەروەها گۆرانییەکی دوو هونەرمەندی مەزنی کورد نەمران "مریەم خان" و "ئایشێ شان" هەیە، کە ناوی "بابۆ کۆرئۆغڵی" یە و پەسنی ژیان و خەباتی ئەو دەدات.[12]

بە کورتی، پەیوەندی کەسایەتی کۆیرئۆغڵی و ناوچەی ژیانی لەگەڵ کورد و کوردستان جێگەی سەرنج و ڕامانە و بۆ ئەوە دەبێت دوور لە هەموو دەمارگیری و دژبەرایەتییەکی زمانی و نەتەوەیی، بە هەمان ئەو سینگ فراوانییەوە کە کاک ڕەحیم ڕەئیس نیا بۆ مەسەلەکە چووە، توێژینەوەی لە سەر بکرێت. ئەم وتارەی من تەنیا دەتوانێ سەرەتایەک بێت بۆ کار و ئەرکێکی زانستییانەی ئەوتۆ نەک شەڕەچەقە و من من و تۆ تۆی فەیسبووکی!

چەند سەرچاوەیەک سەبارەت بە 'کوردبوونی جەلالییەکان'

کەم و زۆر لە هەموو کتێبە مێژووییەکانی کورددا، هۆزی جەلالی دانیشتووی ناوچەی ماکۆ و بەری ئەودیوی سنوور لە کوردستانی باکوور، بە کورد ناسراون و وەک هۆزێکی گرنگی کورد ناوبردە کراون، هەر لە مێژووی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگەوە (ب.1، ل.352) تا مێژووی مەردوخ (ب. 1، ل.86) و دەیان کتێبی دیکەی کە مێژوونووسانی کورد لە ساڵانی دواتردا نووسیویانن. ژمارەی ئەو وێبلۆگە کوردی و فارسییانەی وا نووسەرەکانیان کوردن و ئاماژە بە کورد بوونی جەلالییەکان دەکەن، گەلێک زۆرن.

بەکورتی، ئەوەی وا پەیوەندیی بە کورد و نووسەرانی کوردەوە هەیە ڕوونە و کەس نییە جەلالی بە کورد نەزانێت. ئەوە لایەنی کورد، بەڵام با بزانین غەیرە کورد چونیان ڕوانیوەتە ئەو پەیوەندییەی نێوان کورد و جەلالی و لە ڕاستیدا چۆن کورد بوونی 'جەلالی' لە لایەن مێژوونووس و خەڵکانی بیانی شارەزای ناوچەکەوە پشتڕاست کراوەتەوە. ئەوە چەند سەرچاوەی بیانی:

1. لە کتێبی 'مروج الذهب' ی مەسعوودی دا کە لە سەدەی سێزدەهەمی کۆچی نووسراوە (ب. 3، ل. 53) لیستەیەک لە ناوی 16 هۆزی کورد پێک هاتووە کە 'جەلالی' ژمارە دەهەمیەتی.[13]

2. ئەسکەندەربەگی تورکمان لە کتێبی "عالم آرای عباسی" دا ناوی هەندێک لە گەورەپیاوانی جەلالی دەبات وەک 'جان فولاد' و 'کورد حەیدەر' کە ئەمیان هەزار کەسی [شەڕکەر] ی هەبووە، هەروەها قوڵی بەگی کورد بە سەد و چل کەس و کوردعەلی بە سێسەد کەسەوە (ب. 2. لل. 769، 774 و 791).

3. م. ئا حەسرەتیان دەنووسێت: *"جەلالییەکان لە بەشدارانی هەمیشەیی ڕاپەڕینی کوردان لە تورکیا بوون."* [14]

---

[12] . لە هەمان بەشی سەرچاوەکاندا گوێی بۆ ڕابگرە.

[13] . زانیاری سەبارەت بە مروج الذهب لە وتارێکی مینۆرسکی بە ناوی 'گۆران' وەرگرتووە کە هەر خۆم وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی و لەم سەرچاوەیەدا بڵاو بۆتەوە. بڕوانە: ڤلادیمیر مینۆرسکی، "مینۆرسکی و کورد - کۆمەڵەی 6 وتار"، وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، چاپی دووهەم، دەزگای توێژینەوەی موکریانی، هەولێر، 2006، ل. 155.

[14] . "... جلالی‌ها که عمدتا در دامنه شرقی آرارات زندگی می‌کردند از شرکت کنندگان همیشگی قیام کردها در ترکیه بودند و منطقه زیست آنها در خاك ایران برای نیروهای نظامی ترکیه نیز غیرقابل دسترس بود. دستجات سرکوب شده کرد در جنگ به این منطقه عقب نشینی کرده، سپس از طریق راه‌های کوهستانی در امتداد مرز ترکیه و ایران به زادگاه خود برمی گشتند. به همین دلیل حکومت ترکیه پس از قیام کردها در سال‌های 1929-1932م، به واگذار کردن دامنه‌های آرارات ایران به ترکیه و تبعید جلالی‌ها از آنجا به عمق خاك ایران اصرار می‌ورزید. در

4. ویلیام ئیگڵتن لە کتێبی "کۆماری کوردستانی 1946" و دەوری هۆزە کوردەکان لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەدا دەنووسێت: " لە لای باکووری ڕۆژئاواوە کوردانی جەلالی هێرشیان بردە سەر سنوورەکانی لای خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی و..."[15]

5. ئارچی ڕۆزوێڵت لە وتاری "کۆماری مەهاباد" دا کاتێ باس لە 'هۆزە کوردەکانی کوێستانەکانی ڕۆژئاوای ڕەزائیە [ورمێ]' دەکات و دەڵێ بە نەبوونی دەسەلاتی حکوومەتی ئێران لە ناوچەکە، سۆڤیەتییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە هۆزەکانەوە دەگرت و دەڵێ ئەو هۆزانە بریتی بوون لە جەلالی لە باکوور، شکاک لە چیاکانی ڕۆژئاوای شاپور و هەرکی لە ڕۆژئاوای ورمێ..."[16]

6. دەیڤید مەکداول لە کتێبی "مێژوویەکی هاوچەرخی کورد" دا (فەسڵی 12)، کاتێ باس لە بارودۆخی کوردی ئێران لە سالانی دەوروبەری کۆدیتای گەلاوێژی ساڵی 1332 (1953ز) دەکات دەڵێ: "... لە ڕوانگەی ئینگلیزەکانەوە کوردانی جەلالی لە باکوور [ی ئێران] لایەنگرییان لە دەست درێژیی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ سەر ئێران دەکرد..."[17]

7. ئەنسیکلۆپێدیای 'ایرانیکا' کە بە زمانی فارسی لە ئەمریکا دەردەچێت، لە ژێر ناوی 'جەلالی' دا بابەتێکی دوو لاپەڕەیی نووسیوە کە ئەوە عینوانەکەیەتی: "جەلالی – هۆزێکی کوردی ئەناتۆلیی ڕۆژهەلات و باکووری ڕۆژئاوای ئێران". نووسەری وتارەکە، 'پیەر ئۆبرلینگ' لە زمان 'باسیل نیکی تین' ەوە دەنووسێت "جەلالییەکان ئەرمەنیی بە کورد کراون".[18]

8. ویکی پێدیای فارسی (دانشنامه آزاد) لە سەر ئینترنێت دەنووسێت: *"جەلالی" ناوی یەک لە عێلە کوردەکانی ئێرانە لە ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و شاری ماکۆ، چالدران و خۆی. زمانی قسەکردنی عێلەکە کوردی کرمانجییە...."*

من لەوە زیاتر پێویست بە بەڵگە هێنانەوە لەمەڕ پەیوەندی جەلالی و کورد نابینم، گەرچی گەلێک سەرچاوەی بێگانەی دیکەش هەن و دەکرێ پشتیان لێرەدا ڕابگوێزرێن. بەڵام هەر لە باسی کوێرئۆغلی و کوردبوونیدا بابەتێکی فارسیم لە سەر وێبلۆگی 'کرمانجستان' ی ئینترنێت بینی کە تێیدا "روشن جلالی ناسراو بە کوێرئۆغلی (کوراوغلو) بە کوردی جەلالی فیروزە" ناسێنرا بوو. وێدەچێت کوردانی خۆراسان کە چوار سەدەیەک پێش ئێستا لە هەمان ناوچەکانی ژیانی جەلالییەکان لە

سال 1936م، جلالی‌ها در قزوین و اصفهان اسکان داده شدند. 40درصد از افراد این عشیره در نتیجه کوچ داده شدن کشته شدند و بقیه، دام‌ها و تمام دارایی خود را از دست داده، سال‌ها در نهایت تنگدستی و نکبت و نیمه گرسنگی به‌سر بردند. به این عشیره فقط پس از آنکه رضا شاه در سال 1941م، تخت سلطنت را ترك کرد اجاره بازگشت داده شد. آنها در سرزمین‌های سابق خود ساکنین جدیدی یافتند که زمین‌های مصادره شده‌شان به آنان واگذار شده بود....با زندانی شدن رهبران کردها، به تدریج تمام قدرت حکومتی به دست مامورین ایرانی افتاد. نه تنها سخن گفتن به زبان کردی، بلکه پوشیدن لباس محلی نیز چون یك حرکت غیر میهن‌پرستانه تلقی می شد. ...."
م. س. لازاریف، ش. خ. محوّی، ی. ای. واسیلییەوا، م. آ. حسرتیان، او. ای. ژیگالینا؛ "تاریخ کردستان"؛ مترجمان کامران امین آوه، منصور صدقی؛ انتشارات فروغ، آلمان، 1999، فصل پنجم، صص.

[15] . ویلیام ایگڵتون جونیر، "جمهوری 1946 کردستان"، ترجمه سید محمد صمدی، ناشر؟، سال؟ محل؟، ص. 36

[16] . آرچی روزولت (پسر)، "جمهوری مهاباد"، ضمیمه کتاب درک کینان، "کردها و کردستان"، ترجمه ابراهیم یونست، موسسه انتشاراتی نگاه، تهران، 1372، ص. 176.

[17] . David McDowall, “A Modern History of The Kurds”, I B Tauris, London, 1996, P. 252

[18] . Jalali, in Encyclopaedia Iranica,

عوسمانییەوە هاتوونەتە ئێران و بە لوتفی شاهانی سەفەوی تا قاجار شاربەدەری خۆراسان کراون، بایەخی زۆر بە کوێرئۆغلی بدەن و بە هی خۆیانی بزانن. ئەوە ئەدرێسی وێبلۆگەکەیە:

http://www.ellahmezar.ir/?p=2569#more-2569

بە داخەوە من کتێبی جێگەی باسی ئەو وتارەم نەتوانی بدۆزمەوە؛ ئەو وتارە کورتەش کە سەبارەت بە کوێرئۆغڵی نووسراوە تەنیا ئەوەندەی گوتووە کە کوێرئۆغلی لە کوردانی جەلالی فیروزە بووە بەڵام شیعرەکانی بە تورکی هێناوەتەوە.

لە ماڵپەڕێکی دیکەی فارسیدا هەندێک کتێبی سەبارەت بە کوێرئۆغڵی ناسێنراون کە وێنە و پێچ و کڵاوی کوێرئۆغڵی لەوێدا کوردییە. هەر لەوێشدا ئاماژە بە کتێبێک کراوە کە عینوانەکەی بریتییە لە 'کوێرئۆغڵی لە ئەدەبیاتی گەلاندا'. وێدەچێت زانیارییەکان لە لایەن کوردانی خۆراسانەوە گردوکۆ کرابێتن:

http://www.adinehbook.com/gp/search/406-1394051-3572685?search-alias=books&chooser-sort=relevancerank&field-keywords=%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%A7%D9%88%D8%BA%D9%84%D9%88&Go.x=0&Go.y=0

کوێرئۆغلی لە مۆسیقای کوردیدا

جگە لە کتێب و شیعر و نووسراوەی کوردی سەبارەت بە کوێرئۆغڵی،[19] داستانی کوێریۆغڵی چۆتە ناو مۆسیقای کوردیشەوە و نەمران مریەم خان (1949 – 1904)[20] و ئایشێ شان (1996 – 1938) بەندی 'بابۆ کوێرئۆغلی' یا 'باڤێ کوێرئۆغڵی' یان بە دەنگی خۆشی خۆیان تۆمار کردووە.

برای بەڕێزم 'کاکشار ئۆرامار' جگە لە هەندێک تێبینی وورد لە سەر بابەتەکە و ناوچەی ژیانی کوێرئۆغڵی، شیعری 'بەند' ەکەی مریەم خان و ئایشێ شانی بە پیتی لاتینی نووسیوەتەوە و بۆی ناردووم کە لە خوارەوەدا هەردوکیان دەخەمە بەرچاوتان. هەروەها دوو بەندی دیکەی 'باڤێ کوێرئۆغڵی' ی بە دەنگی دوو هونەرمەندی دیکە بۆ ناردووم کە چەند دێرێک دواتر ئەوانیش دەخەمە بەرچاو. لە ڕاستیدا کاکشار بە ڕادەی من بەم کارەوە ماندوو بوو، دەستی خۆش بێت و سپاسی گەلێک زۆری دەکەم.
هەروەها دەستی ئەو برادەرانە خۆش بێت کە سەبارەت بە بابەتەکە بۆچوونی خۆیان پێ ڕاگەیاندم، بە تایبەت برادەرێکی خۆشەویستم کە لە ناوخۆی ئێرانەوە کە هاوکارییەکی زۆری کردم و هەوڵی لە پێناو سەرچاوە کۆکردنەوە بۆدام.

1. ئەوە گۆرانیی 'بابۆ کوێرئۆغلی' یە بە دەنگی نەمر'مریەم خان' و عوودی نەمر 'محەممەد عارف جزێری' لە سەر یوتیووب:

https://www.youtube.com/watch?v=dYI5f1uf1as

---

[19] . بۆ نموونە، ئەوەی وا لە کتێبەکەی ڕەئیس نیا دا بە 'شاخەی کوردی'ی کوێرئۆغڵی ناوی براوە و نووسەر لە زمان فەرهاد فەرهادۆفەوە دەڵێ 25 مەجلیس و واریانتی هەیە. بڕوانە لل. 245، 247 و 257.
[20] . مریەم خان یەکەم ژنە گۆرانی بێژی کوردە کە دەنگی لە ڕادیۆوە بڵاو بۆتەوە و شریتی لێ تۆمار کراوە (ویکی پێدیا).

هەمان بەند لە سەر ساوند کڵاود:

Babo Kwer-ughli.ram

ئەوەش دەقی گۆرانییەکەی 'مریەم خان' بە تیپی لاتینی:

Bavê Koroxlî
De hêê...
wezê bi diyarî Mûşa şewtî ez ketim nav vî dara, de wezê bi diyarî Mûşa şwitî diketim nav vî dara, ax
De bejina babê Koroxlî bejina wê şikan û şapikan û çîtara
De têlxirafekê vî bavê Koroxlî vê sibê hatî çil hezara
Perîşanê bi sê denga li Perîxanê dikir gazî
Digo xweyêkê pora serê min û te bi qur bê
Derbeka lê dane li babê Koroxlî
Ay bi sê gula li binya çiyayê birîndara
Ay de babo, wey babo wey babo

De waxawo tu axayî, tu gula mala E´merî
Ay tu çira mala Temerî, tu berxê mala Xêlidî, tu serkanê peyayî, ay tu berdevkê dewleta Alî Osmanî,
Ax de babo wey babo, wey babo wey babo

De hê, hê ê...
Wezê bi diyarî Mûşa şewitî diketim navî genim
De ezê bi diyarî Mûşa şewitî diketim nav genime
De dibê, têlxirafek ji bavê Koroxilî re vê sibê
hatî wezê nizanim çima
Perîşanê bi sê denga li Perîxanê dikir gazî
Digo xweyêkê pora min û te bi qur bê
De wekî roja li bavê Koroxilî lêdiqewimî
Ay li pêşiya siwarê motka
Mîna serkarê Çengîzxan disekina
Ay babo, wey babo, wey babo, wey babo

2. نەمر 'ئایشێ شان' یش هەمان بەندی مریەم خانی گوتوتەوە:

https://www.youtube.com/watch?v=jqc98N7Slpw&index=146&list=PLNIHOWeXbOJeJiqcprESkVFrqDe5hyckV

ئەوەش دەقی گۆرانییەکەی ئایشێ شان بە تیپی لاتینی:

Bavê Koroxlî
Le hêêê…
Eezê bi diyarî Mûşa şewitî ketim lê nêvî(nava) dara

Wezê bi diyarî Mûşa şewitî ketim nêvî dara
De bejna bavê Koroxlî fena darçinara
Yadê rebenê vê sibekê telxirafek hatî
Ji Bavê Koroxlî nizanim çima?
Minê xeberkê girtî Bavê Şûkrî ji li kozika bilind
Bi sê gulê darê Modelî ye birîndar e
Ax de wey babo, wey babo, wey babo....
Tu gula mala Emer î, tu beranê mala Temer î
Tu dewleta ber destkê Alî Osmanî(3)
Wey de bavo, ay de bavo, ay de bavo

Le hêêê...
Perîxanê bi sê denga dikir gazî, digo:
Xwekê korê, serê min û te bi qûr(kur) bî
De wexta şerê li Babê Koroxlî diqewimî
Fena siwarê Motka(4) li ser darê têlê bi xwe disekinî
Wey bavo(babo), ay de bavo, ay de bavo

له سالآنی دواتر تا سەردەمی ئێمەش، ناوی کۆیرئۆغلی و پێداهەڵگوتنی کەسایەتییەکەی، لە ناو کوردانی باکوور و ناوچەی ئاخێوەران بە کرمانجی ژووروودا هەر باو بووە.

3. ئەوە بەندی باقێ کۆیرئۆغلی بە دەنگی هونەرمەند 'جەمیل':

https://www.youtube.com/watch?v=KCjg6xpkMts

4. ئەوەش بەندی بابۆ کۆرئۆغلی بە دەنگی هونەرمەند 'مەتین بارلیک' لە سەر تەلەفیزیۆنی تەرەتە6 ی تورکیا:

https://www.youtube.com/watch?v=GpPpmBpoBK8

کارەکەی من لەپەیوەندی کۆیرئۆغلی و مۆسیقادا، گەلێک ناتەواو دەبێت ئەگەر ئاماژە بە شاکارەکەی ئوستاد 'عوزەیر حاجی بەگۆڤ' هونەرمەندی ناوداری ئازەربایجانی بە ناوی 'ئۆپێرای کۆیرئۆغلی' نەکەم کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەرهەمی هێناوە و ناوی کۆیرئۆغلی لە چوارچێوەی بەرتەنگی فۆلکلۆر هێناوەتە دەرەوە و ئاوێتەی هونەری مۆدێرن کردووە. سەد بریا هونەرمەندانی مۆسیقاری ئێمەش بۆ بەیتی وەک دمدم و لەشکری و خەج و سیامەند و سەیدەوان و.... کاری هاوچەشنیان بکردایە.

ئەوە ئۆپێرای کۆیرئۆغلی ی عوزەیر حاجی بەگۆڤە لە سەر یوتیووب:

https://www.youtube.com/watch?v=wDgQ6DzCo98

سەرچاوەیەکی دیکە سەبارەت بە 'کۆیرئۆغلووی کورد'

ئەم وتارەی خوارەوە ڕێزدار د. کامران ئەمین ئاوە بۆی ناردووم و بۆ ئەم کارە باشەی سپاسی زۆری دەکەم. وتارەکە لە بنەڕەتدا بە زمانی ڕووسی نووسراوە و پاشان بە هۆی بەرنامەی تەرجەمەی کەمپیوتەرییەوە وەرگەڕاوەتە سەر ئینگلیزی. دیارە تەرجەمەی ئینترنێتی زۆر تەواو نییە بەڵام لای کەم کەسێکی ڕووسی نەزانی وەک من کەم و زۆر لە ناوەرۆکی وتارەکە تێدەگات. کاک 'لەتیف مەمەد' ی نووسەری وتار، کە دەبێ لە کوردانی کۆماری ئازەربایجان یان ئەرمەنستان بێت، لێرەدا هەوڵی داوە کەسایەتی کوێرئۆغلوو لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا بخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ئەوە کارێکی سەرنجڕاکێشە. نووسەر ئەو بەڵگەیەی شی کردۆتەوە کە حکوومەتی تورکیا دەڵێ هی ناوچەی 'بۆلوو' ی تورکیایە و گوایە تاڵانچییەتی کوێرئۆغلی لەو هەرێمە دەردەخات. بە بۆچوونی من ئەگەر ئەو بەڵگەیە ڕاستیش بێت و کوێرئۆغڵی لە دەوروبەری ئانکارا شەڕ و خەباتی کردبێت، دیسانەکە ناتوانێ پیشاندەری ئەوە بێت کە خەڵکی ئەوێ بووبێت. لەوانە گرنگتر، لەتیف مەمەد 'بزووتنەوەی جەلالییەکان' ی وەک بزووتنەوەیەکی کوردی ناساندووە و لەم ڕێگەیەوە پەیوەندی کوێرئۆغڵی و کوردی دەرخستووە- ڕاست ئەو کارەی وا من لێرەدا هەوڵمداوە بیکەم.

بە بابەتەکەی کاک لەتیف مەمەد، کۆتایی بە وتارەکەم دەهێنم و گەلێک هیوادارم بەم لێکۆڵینەوە بێ غەرەز و بێلایەنانەی خۆم هەستی کەسم بریندار نەکردبێت و مافی هیچ گەلێکم پێ شێل نەکردبیت. ئەوە تەنیا بۆچوونە و پێکەوە بەستنی زنجیرەیەک زانیاری و دەرهێنانی سەنتێزێک لەوانە، کە پیشان دەدات دوور نییە کوێرئۆغڵی و 'دەلی' یان دێوانەکانی دوروبەری ئەو، کوردی جەلالی بووبێتن و 'چەنلی بێل' ی شوێن و پێگەی خەباتیشیان لە ناوچەی قوتووری ناوجەرگەی هۆزی جەلالیدا بووبێت:

On personality of Koroghlu

in the national liberation movement of Kurdish people

Latif Mammad

Thus, from original sources and further research of modern historians is clearly seen the obvious fact that all the leaders of the \ "dzhalaliytsev \" among the most famous were just Kurds, among them, and named the eponymous hero of a well-known epic \ "Koroghlu \". It is noteworthy that the name Koroghlu all the sources are closely linked precisely with the movement of \ "Jalal \ 'that is the Kurds, and his own written sources was referred to as Jalali Koroghlu (6, 190-192; 8, 1224 -130, 2, 192-193, 9, 3, 94, 95, 498).
In the Turkish State Archives also remained reliable information about the identity of Koroghlu. The decree of 1560, addressed to Governor Bola (main enemy Koroghlu in all versions of the epic - Bola-bek) and kadiyu Sandzak Gerede said \ "of the atrocities committed by Koroghlu, which should be caught and punished under the law \". This decree also states that Koroghlu \ "led with a beautiful teenager named Eyvaz \". In other archival documents dated 1579-1581 years. There is evidence of that \ "the governor Bola reward the liberation caught Koroghlu \".
The decree of 1581, addressed to the governor Gerede, we are talking about Koroghlu Rovshan to head a \ "gang of robbers, \" which in 989 (1581), the looting between Gerede and Bolu. From these documents it is known that during this period Koroghlu known as \ "Jalali, \" continued its activities in 992 (1584) year, but military officials and Cadia fear hid

his case. Finally, in documents from 1593 to 1595 years. Addressed to the governor Ichel, there is information about the rebellions dzhalaliytsev among them to name Koroghlu. All those documents have information on companion Koroghlu: Hasan-bek, Gizir oglu Mustafa Beke, Demirchi oglu and others (8-118). Thus, documents the information Koroghlu as a historical figure from 1560 to 1596 years. Actions Koroghlu did not extend beyond the South-East Anatolia Project (which includes all the northern, Turkish part of Kurdistan) and the territory of Southern Azerbaijan (McHugh, Hoy SALMAST, where the second half of XVI century to the present time the vast majority of the population of these areas are precisely the Kurds .

On the territory of Kurdistan and its surrounding areas with a Kurdish majority, or at locations where once lived the Kurds, and to this day live popular rumor has kept a lot of homonyms that are directly related to the name of his illustrious son and a favorite character: Mountain Chanlibel (Chamlybel), which was placed the main headquarters Koroghlu and his squad is near the ancient Kurdish city of Malatya on the main road Tokat, Sivas. There is also a wonderful taste of spring \ "Koroghlu \". Near the town of Kars to the northern Kurdistan region is a mountain \ "Koroghlu \". His name is linked many fortresses near the towns of Maku and SALMAST. On the territory of \ "Red Kurdistan \" (1923-1931 gg.) In Northern Azerbaijan, and to this day are preserved: in the Lachin district in a Kurdish village Zeyva - \ "Rock Koroghlu \"; near the village of Dzhagazur a lump called \ "podkovny stone Gyrata \"; another huge chunk of the plain Azoyug in Zangelan district is also connected with his name and said, \ "Stone Koroghlu \"; in Kalbadzhara near the pass \ "Gyuzgyu \" on the road, Haji-Kent - a Kalbadzhar from the mountains also called \ "Koroghlu \"; in other places of North Azerbaijan are also homonyms, associated with the name Koroghlu, but they are mainly concentrated where it is the Kurds have lived for centuries.

Azerbaijani scientist Mamedov wrote that \ "the names of forts and settlements named Koroghlu likely formed in connection with the placement of one of Selcuk Oguz tribes \" karygly \ "and was seen by the people in connection with the name of national hero Kehr oglu \ "(10-122). Taking into account the fact that the flow in Azerbaijan, the Oghuz Seljuk tribes began in the IX-XI centuries. And Koroghlu lived and worked in the second half of the XVI century, this version Mammadov seems less convincing. The more so because in all versions of \ "Karabahnameler \", written by different authors, none of them mentioned among their tribes, who lived sometime in the Karabakh Khanate, which was part of the territorial and later, \ "Red Kurdistan \" does not list the tribe karygly that, and could in their environment to keep related toponymy. All of the above gives us grounds to conclude that the homonyms, associated with the name Koroghlu are purely Kurdish ethnic origin.

The age-old struggle of the Kurdish people against their oppressors is reflected in the famous epic, the legend of Koroghlu. In it, as in any epic \ "plausible fiction is closely interwoven with artistic and religious rethought historical facts, tribes and nations personified, becomes a significant long time, and place hard - lying on the edge of the world, people and events are often grouped under the laws of artistic creation, designed to identify the inner meaning of historical processes \ "(11-12). The absence of statehood, poor writing and assimilation processes have led to the fact that Pearl Kurdish folklore shamelessly appropriated and became the property of other nations, and the glorious sons and daughters of the Kurdish people - poets, writers, scientists, military leaders and others, \ "marked \" God, people of Kurdish origin \ "is assigned to \" neighboring nations, or at best, became the \ "people of Kurdish origin \.

And the same fate befell the fate of the Kurdish national epic \ "Koroghlu \". Even in the mythological dictionary (Moscow, 1990) in \ "The Kurds \" mentions only one article (\

"Koroghlu \"), and in the article itself as \ "the hero-warrior, poet, singer, musician, central character of the epic of the same name \ "The Kurds are listed after \" Azeris, Turks, Turkmens, Uzbeks, Kazakhs, Karakalpak, Tajiks, Arabs, Central Asian, Georgian, \ ". Not to mention more about how our Kurdish folk legends and myths are listed in the neighboring nations.

The famous Russian ethnographer I. Chopin from 1828 to 1834 carried out a desk description \ "Armenia and Nakhichevan region, \" as a state councilor, chairman of the management of income and state property of the Armenian region in which he gives details of more than 44 Kurdish tribes (23). During his field work among the Kurds, he recorded some of the Rock a few episodes of Koroghlu. Even the name can be judged from the fact that Omar was a Sunni, the Shiites of their children the name of the Arab Caliph Omar ibn al-Khattab (581/591-644), in-law and close friend of the Prophet Muhammad did not call.

And the name is widespread it is among Sunni Muslims, including Kurds. Even the Russian ethnographic tradition XVII-XIX centuries. celebrated the religious affiliation of Kurdish tribes term \ "omarevaya sect \". And among the Azerbaijanis who profess Shi'ism, the name \ "Omar \" - an extremely rare phenomenon. I. Chopin collected materials were published in 1840 in St. Petersburg in the book \ "beacon of modern education and enlightenment \". Preface to the text was written by A. Hodzko. With their light hand song-tales \ "Persian robber \ 'were translated into French by the famous writer George Sand, and then into German, Hungarian and other languages. Both Russian scientists - J. Chopin and A. Hodzko - Taking Koroghlu a historical figure, we have not recognized it, \ "Tatar-Turk \ '.

Real name Koroghlu - Rovshan in Kurdish means "Light, Bright, \" and literally, within the meaning is similar to Russian \ "Svyatoslav \" very widespread among the Kurds their own man's name. Widespread and female names Rushan, Rush, Rushin, Rushirin etc. Many mistaken for Turkic and the word \ "ker \," just not the Kurds. In the Kurdish language, the word \ "mountain \" (\ "core \") means "blind \". \ "Gore \" - also means "grave \", \ "another world \". The dictionary, compiled by the Arab scholar Abu Haiyang XIII century al-Andalus the word \ "blind \" the Turk is listed as \ "kozsyuz \" (12-48). It is well known that the modern Turkish-Azeri language was developed by Iranian (Persian, Kurdish) and Arabic. Russian scientist Vladimir Legkobytov wrote that \ "the language of Transcaucasia is called \" Turkish \ "... has been enriched by Arabic and Persian words (13-305). Therefore, only the prefix \" son \ "nickname Rovshan \" Koroghlu \ "Turk is little reason to assume.

Attract attention and names of famous horses Koroghlu - Gyr-ata and Dur-Ata - who gave them the father Koroghlu - Alo / s. In Kurdish gir (GAD) means "tar, pitch, tar, \" which is in the form of \ "gyr \" passed to the same value in the Azeri language and is widely used in common parlance, although it is absent in three volumes, \ "the Russian-Azerbaijani dictionary \ "(Baku, 1991). For this reason, some Azerbaijani sources under the name of the horse can see his suit and try to translate it as \ "Black Horse \", although in all versions of the epic there is no information about the suit horses. All this is in contradiction with the plot feature film \ "Koroghlu \", shot by Azerbaijani cinematographers, where Koroghlu prance on his horse Gyrate fiery red suit. In all variants of the epic Rovshan-Koroghlu on the instructions of his father's horses, both locked in a dark stable, but the 39-day confinement shows intolerance and violation of this word to his father, punched through a wall slot glanced at the horses. As a result, the penetration of sunlight into the stable one of the horses lost their fiery wings.

This horse subsequently was named \ "Gyrat \". So in the Kurdish language gir means "flame, fire \" (29-548) and in the Kurdish version of the horse named \ "Flame \". Name of the second konya also translated with only a Kurdish: \ "Dur \" (Dur \ ") - means pearl (29-

278); duretirs (i) means" courage, fearlessness \ "(29-282), so the correct translation would be \ "brave \". The foregoing gives grounds to conclude that the names of horses Koroghlu have Kurdish names, and translators to distinguish horses from other nouns, have added their names Turkic \ "am \" (the horse).

In all versions of the Azerbaijani version of the epic Koroghlu calls itself the genus (tribe) \ "muradbeklu \", and Azerbaijani scientists by the word tend to see a particular locality, but can not locate it on some areas. Among the Turkic tribes and there is no tribe of that name. For the Kurds, the characteristic is that they always emphasize their tribal affiliation, or those of others. For example, a great Kurdish poet of XVIII century Heyran Khanum, daughter of Karim Khan Dumbuli, thanks to her surviving poetry, which speaks of her membership in a Kurdish tribe dumbuli been restored, as they say in their national rights.

Murad tribe, they belong to which emphasizes Koroghlu, belonged to the powerful tribal confederation \ "Jaf \ and the area occupied by cities Baneh, Marivan, Senendzh in the Iranian part of Kurdistan and Sulaymaniyah with headquarters in Halabja in the Iraqi part of Kurdistan. Jafar lived in Dzhafanrude, and the very name of the district as etymologized Dzhafanrud (\ "river Jaf \"). This tribe of its power was competing with ardelanskimi princes in their struggle for independence with weapons in the hands of defending their sovereignty and fought with both ardelantsami, and with the Shah regime. On this tribe Kurdish historian beginning of the XIX century Khusraw ibn Muhammad Bani Ardalan wrote as follows: \ "... has raided the Mahidasht, Shahrizur and Arabistan and started looting the head of the tribe Bahram Jafar-bey ... he considered himself the second Rustam, but the world did not put any in that. He did not hide their rebellious ideas, and before him did not see anybody ... (he) lifted its self-will and deeds caught up with the path of obedience valiem ... blocked ... tax collector, he sent, leaving only a small portion of taxes and tributes, until it refused to give and this smallness of divanskih taxes \ "(14-173).

In 1914, Jaf tribe residing in Halabja led famous for its beauty, enlightenment and wisdom Kurdish princess Adil Khanum, which with undisguised admiration wrote many European scientists, including VF Minorsky. Therefore pride Koroghlu for belonging to such tribe, race is an understandable feeling.

Kurdish tribe of Murad (muradbeklu) in the sources found in the form of \ "Muradkhanli \". This is a tribe in 1586 of twenty-four Kurdish birth under the Turkic name \ "Igirma Dort \" lived in the district of Ganja and Barda in northern Azerbaijan, \ "Arranskom Karabag \" - as he wrote SH Bidlisi (7 - 370). Muradkhanli tribe with tribe Sher and other Kurdish clans in 1806 amounted to about 6,000 families, which makes it more or less definite idea of the strength and power of this tribe (21-391).

Before the formation of two states - Iraq and Syria - which led to the final section of Kurdistan into 4 parts, Halabja was under the Turkish flag. Jafar lived on the border between the two empires. It is not surprising that the action of \ "Koroghlu \" occurs on the Turkish as well as on the Iranian part of Kurdistan. Voluminous manuscript of the epic \ "Koroghlu \" stored in Musulanskom fund the Georgian Institute of Manuscripts named after K. Kekelidze, which dates back to around at least the middle of XIX century and includes 28 songs, tales, gives a clear idea about the geography of our hero. Here are the titles of some chapters:

19. A Tale of birth Jalali Koroghlu, its origins, the birth of his horse Gyrata,insurrection Koroghlu and the flight from Isfahan (231-242);

20. Sleep Jalali Koroghlu, his rebellion, vstracha with the Shah Abassi. Escape Koroghlu from Iran. Arriving in Rum and settlement in the city of Van (243-257);

21. Check Jalali Koroghlu in Takht-Suleiman, a battle with Ayazbegom Charduli, defeating them and stealing her daughter running Khorshid Khanum (258-277);

27. Departure rumskim Sultan 20,000 soldiers led by Majid-Agha Jalali on Koroghlu. Their struggle and the death of Majid-aga (361-370);

28. Check Jalali Koroghlu in Isfahan to the Shah